# ئێستاتیکای گێڕانەوە لە هەقایەتی کوردیدا

**بوشرا قادر کاکە محەمەد[١]، محەمەد ئەحمەد سەعید [٢]**
[١، ٢] بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Bushra.kaka@univsul.edu.iq

## پوختە

ئەم باسە بە ناونیشانی «ئێستاتیکای گێڕانەوە لە هەقایەتی کوردیدا»، کارکردنە لەسەر جۆرەکانی هەقایەتی کوردی و، نیشاندان و شیکردنەوەی بنەما ئیستاتیکییەکانی. هەقایەتی کوردی وەک بەشێکی گرنگی فۆلکلۆری کوردی پاش نووسینەوە و تۆمارکردنی، لە چەندەها ڕووەوە باسکراوە، بەڵام ڕوویەکی گرنگی کە جوانیناسییە قسەی لێوەنەکراوە، ئێمە لەم باسەدا لە دیدی جوانیناسییەوە لە هەقایەتی کوردی دواوین و نمونەمان لە هەقایەتە جۆراوجۆرە کۆکراوەکانی ناو ئەدەبی کوردی وەرگرتووە. پلانی باسەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەم دا بۆ دیاریکردنی ڕووی جوانیناسییانەی گێڕانەوە لە حیکایەتەکاندا، لە بارەی وشەکە و هاوماناکانییەوە دواوین کە وشەکانی: ئەفسانە، چیرۆک، هەقایەتیشی لە لێکۆڵینەوە کوردییەکاندا بۆ دادەنرێت و جیاوزییانمان خستۆتە ڕوو. پاشان جۆرەکانی هەقایەتمان جیاکردۆتەوە و نمونەمان لە ئەدەبی کوردیدا بۆ هێناوەتەوە کە پێکدێن لە: «هەقایەتی پەریان، هەقایەتی کۆمەڵایەتی، هەقایەتی پەندئامێز، هەقایەتی ئایینی و عیرفانی، گاڵتەوگەپ». لە بەشی دووەم دا، مۆتیف-مان وەک جوانیناسی گێڕانەوە دیاریکردووە، مۆتیف لە ئەدەبیاتی گێڕانەوەدا بە مانای توخمی دووبارە بووەوە دێت، کە زۆر شت دەگرێتەوە و ئێمە لە مۆتیفەکانی: «کەسێتی، کەرەستە، بابەت، ڕووداو، شوێن، دەستەواژە، ژمارە) وە دواوین و لە کۆتاییشدا ئەنجاممان خستۆتەڕوو.

**کلیلە وشە: هەقایەت، مۆتیف، ئێستاتیکا، گێڕانەوە، ئەفسانە**

## الملخص

هذا البحث بعنوان ( جماليات السرد في الحكاية الكوردية)، يعمل على إظهار وتحليل الأعمدة و البنية الجمالية لأنواع الحكاية الكوردية. من الجدير بالذكر أن الحكاية الكوردية تُعد جزءاً مهماً من الأدب الشعبي/ الفولكلوري الكوردي، لاسيّما بعد كتابة وتسجيل هذا الأدب، suكما وقد بُحثت و نُقشت في العديد من جوانبها ، إلا أن هناك بعداً مهماً و جمالياً لم يتناول و يُبحث بعدُ، و نحن في هذا البحث نلقي الضوء و نبحث في هذا الجانب الجمالي / الأستاطيقي للحكاية الكوردية، واخذنا نماذج متعددة ومختلفة من هذه الحكايات المكتوبة و المجموعة في الأدب الكوردي.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/١١/٤ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/١/٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Bushra.kaka@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ م.بوشرا قادر کاکە محەمەد، پ.د. محەمەد ئەحمەد سەعید ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

البحث يتكون من مبحثين ، المبحث الأول خصصناه لتحديد مظاهر الجمالية السردية من حيث الوجهة والخط الجمالي السردي في الحكايات، و تحدثنا هنا عن ( المفردة/ الكلمة) والمعاني المتشابهة لها مثل: الأسطورة، القصة،والحكاية في البحوث الكوردية التي أشاروا إلي الإختلاف فيما بينهم، ثم ذكرنا و حددنا أنواع الحكاية و مثلنا لهم بنماذج من الحكاية في الأدب الكوردي مثل: ( الحكاية العجائبية، الحكاية الأجتماعية، الحكاية الدينية والعرفانية، الحكاية الهزلية و الحكاية الوعظية/ المثل).

أما في المبحث الثاني تناولنا ( الموتيفة) و حددنا الموتيفة كجمالية سردية، و (الموتيفة) في الأدب السردي تأتي بمعنى العناصر المكررة حيث تحتوي أشياء كثيرة ونحن هنا ذكرنا هذه العناصر منها: ( الشخصية، المادة، الموضوع/ الثيمة، الحدث، المكان، العبارات، والأرقام).

## Summary

This thesis which is under the name of “aestheticism of narration in Kurdish tales “ works on and covers the manners and types of Kurdish tales, demonstrating and analyzing the principles of aestheticism in them. Kurdish tales as a valuable and important part of Kurdish folklore, after writing down and recording them, have been mentioned from several points of views in previous writings.

A significant perspective that hasn’t been talked about as much is the aestheticism that lies in several kinds of the tales.

In this research we specifically shed light on aestheticism taking examples from all over different tales that have been collected in Kurdish literature. Our research is composed of two major parts:

In the first part, for specifying the outlook of “aestheticism of narration “in tales ,we talked about the word itself and its corresponding analogs “myths, stories “ also what makes the difference between all these genres .

Then we divided types of tales with giving instances for each which such as “fairytales, social tales, religious and parody tales” In narrative, a motif is any recurring element that has symbolic significance in a story.

Through its repetition, a motif can help produce other narrative (or literary) aspects for example as theme or mood. We spoke about (character, place, time, expression, number) motifs in the second part of our thesis.

## سەرەتا:

حیکایەتەکانی جیهان، نزیکییەکی تەواویان لەگەڵ یەکدا هەیە، لەو پەڕی ڕۆژهەڵاتەوە کە بە لانکەی حیکایەت و ئەفسانە و خورافە دادەنرێت تا ئەو پەڕی ڕۆژئاوا، حیکایەتی هەموو نەتەوەکان، لە بارەی مرۆڤ و خەیاڵ و کۆشش و وێنای مرۆڤەوەیە، مادام مرۆڤەکان لە ڕووی مرۆڤبوونەوە هاوشێوەی یەکن، ئەوا خواست و مەیل و خەون و ئەندێشەکانیشیان لەیەک دەچێت، بۆیە ئاساییە لە دەمی خوێندنەوە یان بیستی حیکایەتی هەر یەک لە نەتەوەکانی تردا هەست بە نزیکی و لەبەردڵانی حیکایەتەکان بکەین.

ئەم حیکایەتانە بەرهەمی زارەکی لە مێژینەن و لە سەردەمێکی دیاریکراوا پەی بە گرنگیان براوە و نووسراونەتەوە. نووسینەوەی حیکایەتەکانی هەزار و یەک شەوە، وەرگێڕانی حیکایەتی کلیلە و دیمنە بۆ زمانە جیاوازەکان، کۆکردنەوەی حیکایەتی فۆلکلۆر لە ئەڵمانیا لە لایەن برایانی گریم و دواتریش لە سەدەی بیست دا هەر نەتەوەی ئەفسانە و حیکایەتی خۆی کۆکردەوە، هەموو ئەمانە هۆکارێک بوون تا لە بارەی ناوەڕۆک و بونیادی ئەم حیکایەتانە لیکۆڵینەوە بکرێت، ڕەنگە کورد دوایەمین نەتەوە بووبێت کە دەستی کرد بە کۆکردنەوەی حیکایەتەکانی، هەر لەبەر ئەوەشە، زۆرجار لە کارکردنی لە ئەدەبی بەراورددا هەست بە تێکەڵی و نزیکی حیکایەتەکان دەکەین، لەگەڵ سێ نەتەوە هاوسێکەمان، فارس و تورک و عەرەب، بەڵام دیسانیش تایبەتمەندی کوردانەی پێوەیە، لە بیروباوەڕو زمان و کلتورەوە تا شێوەی داڕشتنەوەی. بە تەماشاکردنی ئەو حیکایەتانەی کە کۆکراونەتەوە، هەست بەو خاڵە دەکرێت کە حیکایەتەکان ئەگەر هاوبەش بن لەگەڵ نەتەوەکانی تریدا، بەڵام بەهۆی حیکایەتخوانەوە، لەگەڵ ژیان و ئەندێشەی کوردا چنراون. بۆ دیاریکردنی ڕووی جوانیناسیانەی گێڕانەوە لەم حیکایەتانەدا، سەرەتا دەبێت ئاماژە بە جۆری حیکایەتەکان بدەین، بە ڕەچاوکردنی زاراوەی حیکایەت، چونکە لە پاڵ ئەم وشەیەدا، زاراوەکانی: ئەفسانە، چیرۆک، هەقایەتیشی بۆ دادەنرێت، دکتۆر عیزەدین زاراوەی چیرۆک و سەرگوزەشتە و نەقڵ بەرامبەر بە هەقایەت دادەنێت (ڕەسوڵ، ٢٠٢٠، ٢٤)، هاشم سەلیمی چیرۆک و ئەفسانە (سەلیمی، ٢٠١٣)، ئەحمەد چاک زاراوەی ئەفسانە(چاک، ٢٠١٣) و عەلادین سەجادیش چیرۆک(سەجادی، ١٩٥٩). بەڕای ئیمە زاراوەی هەقایەت؛ کوردیتر و ڕوونترە، بۆ ئەو جۆرە گێڕانەوەی نێو ئەدەبی فۆلکلۆر. کاتێک زاراوەکەمان دیاری کرد، ئەوکات پێوستمان بە جۆرەکانییەتی، چونکە بەشێک لەم هەقایەتانە، تێکەڵ بوون لەگەڵ ژانرێکی تری نێو ئەدەبی فۆلکلۆر کە ساتیر یان گێڕانەوەی تەنزئامێزە، بۆ نموونە بەشێک لە گێڕانەوەکانی ناو ڕشتەی مرواری حیکایەتن و تەنز نین، لە کاتێکدا بەشێک لە حیکایەتەکانی ناو مەملەکەتی ماسی، گێڕانەوەی تەنزن و بەسەرهاتی ڕاستەقینەن و هەقایەت نین، هەمووشیان لە سنووری گێڕانەوەی ئەدەبی فۆلکلۆریدا دەمێننەوە، یان هەقایەتی پەندئامێز و ئاژەڵیش لە نێو کۆکراوەی هەقایەتەکان دا دەبینرێت، هەر نوسەرێک لە دڵسۆزی خۆیەوە ویستویەتی چی دەست کەوت تۆماری بکات، بۆیە جیاکردنەوەی ئەمانە کار و کاتی دەوێت، و ئێمە نمونەمان لە هەر یەکەیان وەرگرتووە.

## بەشی یەکەم: جۆرەکانی هەقایەت:

### یەکەم: هەقایەتی خورافی پەریان:

کە بە هەقایەتی دێودرنج و هەقایەتی جادوویی و ئەفسانەییش دەناسرێت. ئەم جۆرەی هەقایەت لە بارەی پاڵەوانێکەوەیە کە بەهۆیەک لە هۆیەکان لە باری ژیانی ئاسایی خۆیدا دەست بە گەشتێک دەکات بۆ بەدەستهێنانی شتێک، بەڵام ئەو شتە لە میانەی سەفەرێکی درێژدا، پەیوەست دەبێتەوە بە شتی تر و وەک ئەڵقەی زنجیرێک یەک بەیەکی ڕووداوەکان لەگەڵ یەک تێهەڵکێش دەبن، تا پاڵەوان دەیەوێت بگات بە خواستێکی ڕووبەڕووی مەرجێک دەبێتەوە، بۆ بەجێهانی مەرجەکەش، تووشی مەرجی تر دەبێت، بەو جۆرە هەقایەت درێژ دەبێتەوە، بەڵام پاڵەوان بە زرنگی خۆی و یارمەتی هێزە ژوور مرۆییەکان و ئاژەڵ و مرۆڤی باش بە خواستەکەی دەگات و لە میانەشیدا دێو و ئەژدیها و پیرەژنی بەدفەڕ و بەدکاری ناحەز بە سزای خۆی دەگات. ئەم جۆرەی هەقایەت لە ڕووی قەبارەوە زۆر جاران درێژە و وەک سندوق دێرین، هەقایەت لە ناو هەقایەتدا دەگێڕێتەوە، جاری واهەیە هەقایەتی سەرەتا، خۆی دەسپێرێت بە هەقایەتی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دووەم، ئەویش بە هەقایەتی سێیەم. دەشکرێت، هەقایەتەکە زۆر لێزانانە تێکەڵ بە هەقایەتی تر بکرێت و هەقایەتخوان بە توانای خۆی چەند هەقایەتێک لەیەک بدات. ئەم جۆرەی هەقایەت پەیوەندی بە سەردەمی پێشینی مرۆڤەوە هەیە و لە ئێستادا سینەمای جیهانی کەڵکی زۆری لێ وەرگرتووە بە شێوەی ئەنیمەیشن و فیلم وێنەی دەکات و وەرگری خۆی لە دەست نەداوە. ((پاڵەوانەکانی نێو هەقایەتەکان لە پاشا و کورەئازا و دێو و پەری و ..هتد پێکهاتوون، زیاتریش گرنگیان تێدا بە پاڵەوانەکە دراوە، چونکە ئەو کارانەی ئەو کردوونی، بە کەسی تر نەکراون، بەڵام سادەییش لە کردەوەکانیدا دەبینرێت، زوو ناچێتە هۆشەوە، زۆرجاریش دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی هێزێکی نادیارەوە)) (جامباز، ١٩٨٩، ١١) زۆرێک لەم هەقایەتە کوردییانە، گێڕانەوەکانی ناو هەزارویەک شەوەی تێکەڵ بووە، بۆیە چەندێکی لە بارەی دێو و پەری و ئەژدیها و سیمورغەوەیە، هێندەش لە بارەی هاروونە ڕەشید و باڵوێ داناوەیە، جگە لە باسی سوڵتان مەحمود و هەیاسی خاس، کە تێکەڵ بووە بە شیعر و هەقایەت و ئیدیۆمی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات.(١) ئەم هەقایەتانە بەشێکی زۆریان ئاوێتەی چیرۆکی ئەویندارى شازادەکانە لەگەڵ یەکدی، کە بەهۆی خەونەوە یەک دەبینن، یان وێنەیەکی کێشراویان بەرچاو دەکەوێت، یانیش ئامۆزان و لە منداڵییەوە دڵبەری یەکن، بەڵام ڕێگریان لێدەکرێت بۆ بەیەکە گەشتنیان، کە لەم جۆەی هەقایەتدا بەیەک دەگەن و هەموو شت بە خۆشی و کۆتایی دڵشادکەری تەواو دەبێت.

## دووەم: هەقایەتی کۆمەڵایەتی

کە زیاتر دەشێت ناوی بەسەرهاتی لێبنرێت، نموونەیان لە ڕشتەی مرواری و خەرمان لۆغە و مەملەکەتی ماسی دا زۆرە. لە ڕووی قەبارەوە بە گشتی مامناوەندی یان کورتە و کارەکتەری کەمی تێدا بەشدارە، ئەوانەشی هەن، یا خود بە سیفەت و ناوی گشتی باس دەکرێن، یان کەسایەتی دیاری ناو کۆمەڵی کوردین و لە ناوچە جیاوازەکاندا ژیاون. بۆ نمونە عەلادین سەجاید لە ڕشتەی مرواریدا بەسەرهاتێک دەهێنێتەوە کە گێڕانەوەیەکە هەم ڕووی کۆمەڵایەتی هەیە، هەم تەنزو سەتیر لە جۆری تابوو:

کاروانێکی «دەلۆیی» لەو گەرمیانە ئەچن بەسەر سەید فەتاحی جەباری دا، کاروانەکە نۆ کەس ئەبن، ئەڵێم ئێمشەو بە نان و دان و گانەوە میوانتین! ئەویش دەڵێ: نان هەیە، دان هەیە، بۆ ئەویتریش ئافرەتێکی دەلۆییمان لە ماڵایە، نۆ لۆی بۆ ئێوە و لۆیەکی بۆ من! (سەجادی، ٢٠١٥، ٥٩)

## سێیەم: هەقایەتی پەندئامێز

ئەم جۆرەی گێڕانەوە، پەیوەندی بە ئەزموونی ژیانەوە هەیە، بەسەرهاتی دانایان و کەسانی خاوەن حیکەتن، زۆرجار بە زاری کەسانی نمونەیی ناو مێژووە دەگێڕدرێنەوە، بۆ نمونە: لوقمانی حەکیم، باڵوێ دانا، حەزرەتی سولەیمان، عەلی کوڕی ئەبوتالیب، جالینوس. زۆرێک لە گێڕانەوەکانی ناو ئەدەبی کوردی کاریگەری گێڕانەوەکانی ناو مەسنەوی مەعنەوی» بوستان و گوڵستانی سەعدی شیرازیان لەسەرە. ئەم هەقایەتانە، چەندێک بۆ سەرگەرمین، هێندەش نیيەت و خواستی ئامۆژگاریکردن و وانە لێوەرگرتنی پێوە دیارە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، زۆر جار ئەم هەقایەتانە لەگەڵ هەقایەتی ئاژەڵان تێکەڵ دەبێت و پەیامەکەی خۆی لە ڕێگەی کارەکتەری مرۆڤ و ئاژەڵە و دەگێڕێتەوە. نموونەی حیکایەتێکی پەندئامێز لە بارەی حاتەمی تەی-یەوە لە مەلەکەتی ماسیدا هاتووە(حەسەن، ٢٠١٠)، لە خەرمان لۆغەشدا چەند حیکایەتێک لە زاری لوقمانی حەکیمەوە دەگێڕێتەوە. (شڵماشی، ٢٠٠٠).

## چوارەم: هەقایەتی دینی و عیرفانی

زۆربەی ئەم هەقایەتانە بۆ سەردەمی پاش موسوڵمانبوونی کورد دەگەڕێنەوە، هەقایەتەکانی نێو ئەم پۆلێنە بەشێکی زۆری لە قورئانی پیرۆزەوە وەرگیراون کە هەقایەتی پێغەمبەران و نەتەوە گومڕاکان و پیاوچاکانن، بەشێکی تری لەو ڕۆشنبیرییە ڕۆژهەڵاتییە ئیسلامییەوە

هاتوون، کە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات پێکەوە بەشداربوون لە دروستکردنیدا، بە تایبەت وێڕای چوارچێوەی ئایین، هەقایەتی پیاوانی عارفی دەروێش مەشرەب و گەورە شێخانی ناوچەکە و کوردستان. هەندێک لەم هەقایەتانە ڕاستەقینە و بەشێکی تری تێکەڵ بە ڕووداوی ئەفسوناوی و ژوورمرۆیی بوون. ئەمانە بە زۆری لە شێوەی کەرامات و سروش و موجیزە دا دەگێڕدرینەوە، هەڵبەت زۆرجار تێکەڵ بە هەقایەتی پەندئامێزیش دەبنەوە. زۆر جار ئەمانە لە نیو ژیانامەی نوسراوی کەسەکانەوە دەردەهێنرێن و تێکەڵ بە ڕەوتی هەقایەت دەبن، هەندێک جاریش بە شێوەی مەناقیب دەنووسرێنەوە، بۆ نموونە مەناقیبی کاک ئەحمەدی شێخ، لە لایەن ئەحمەد خواجەوە نوسراوەتەوە و پیرەمێرد وەری گێڕاوە، لەگەڵیشیدا هەر خۆی مەناقبیک دەگێڕێتەوە کە بەهۆی ئەفسوناوی بوونییەوە، دەبێتە یەکێک لە هەقایەتە ئاینییە ئێستاتیکییەکانی ناو پۆلێنی هەقایەتی ئایینی. لە کۆندا ئەگەر مەجلیسی میر و پاشایان بە حیکایەتی جن و پەری و دزی و قازی خۆشکرایە، ئەوا مەجلیس و کۆبوونەوەی پیاوانی ئاینی نێو حوجرە و مزگەوت و تەکیە، بە هەقایەتی ئاینی و باسی گەورە پیاوانی ئاینی خۆش دەکرا، ئەمەش وێڕای چێژی بیستن و بەخشینی هەستی جوانیناسی و پەندوەرگرتن، وەک بەشێک لە ئەرکی ئاینیی تەماشا دەکرا، بۆ دوورکەوتنەوە لە باسی دنیایی و پابەندبوون بە ئەرکی ئاینی و لە هەموویشی گرنگتر گیانبەخشین بە شەریعەت، بەهۆی ئەو هەقایەتخوانییەوە. محەمەد شڵماشی لەم بارەیەوە دەڵێت:(( باسی پیاوچاک و ئەولیا خۆشەویستی دین دەخاتە دڵی ئینسان و خۆشەویستی دنیا لە دڵی پیاودا کەم دەکاتەوە و ئینسان بۆ تەماع و ماڵی دنیا خۆی تووشی تەنگ و چەڵەمە ناکا و چاو لە ژیانی ئەو گەورە پیاوانە دەکا و قەناعەت دەکاتە دەستمایەی ژیانی)) (شڵماشی، ١٣٩٢، ٢٢٠)، بەشێکی ئەم هەقایەتانە بەهۆی مەلایان و سۆفی و دەروێشانەوە لە کتێبەکانی حلیەت و ئەولیا و مەجلیسی ئەولیاوە وەرگیراون، بەشێکی تریشیان دەماودەم لە دێر زەمانەوە لە ڕۆژهەڵاتدا لە شێوێنە ئاینییەکان وتراونەتەوە، زۆرینەشیان کەشی ئەفسوناوی شیوەی هەقایەتی پەرییانە. بابەک ئەحمەدی(ئەحمەدی، ١٣٩١، ٦) لە بارەی ئەم جۆرە هەقایەتانە و بە تایبەتیش کۆکراوەکانی ناو (تەزکیرەتول ئەولیا)ی عەتاری نیشابوری، ڕای وایە، نیشاندانی جیهانی پیاوانی خودایە، دنیایەکی ئایدیالی و ئەندێشەیی، کە هەندێک جار قابیلی پەسنکردن نییە، و هەندێک جاریش زۆر بەردەست و ئاشنایە. لەم جیهانەدا مردووەکان قسە دەکەن، تورە دەبن، یان پێدەکەنن. دەتوانێت گوێت لە ئاواز بێت لە درەختی هەنارەوە و گورگی درندە شێخ دەبینێت لەسەر بەرماڵ بەڵام پەلاماری نادات و دەڕوات، عارفێک دەشت و دەر دەگۆڕیت بۆ زێڕ، پیاوچێکیک هێلێک لەسەر زەوی دەکێشت و ئاوی لێوە هەڵدەقوڵێت، دووپشکێک دوانزە ساڵ دەبێتە نەدیمی حەلاج. لەم جیهانە دا کەعبەی پیرۆز بە دەوەری زیارەتکەرێدا دەسوڕێتەوە، لەم هەقایەتانەدا جیهانێک درووست دەبێت کە جیهانی سەمەرەیە و ڕێتێنەچووەکانە. نمونەی ژیانی ئەم عارفانە:

((دەڵێن ڕۆژێک خەلیفەی بەغدا، دەچێتە خزمەت( شێخ عەبدولقادری گەیلانی) و دە کیسەی پارەی بۆ دادەنێ، شێخ دەفەرموێ لە سایەی خواوە پێوستم بە پارە نییە، هەلیان گرەوە، خەلیفەزۆر کیشە دەکا دەڵێ: قوربان دەبێت لێمی وەربگری، حەزرەتی غەوس ئاخری تورە دەبیت و کیسەیەک بە دەستە ڕاست و کیسەیەک بە دەستی چەپەوە دەگرێت و بە توندی لێکیان دەکێشێ خوێنیان لێ دەردەپەڕیت، تورەدەب یو دەفەرمووێ: ەی ئەبوو موزەفەر شەرم لە خوا ناکەی خوێنی هەڵک دەمژی و کۆی دەکیەیەوە و دێنی لە پێش منی دا دەنێی و ڕادەوەستی! خەلیفە بێ هۆش دەبێت و لە پاش ماوەیەک، بە هۆش دێتەوە و دەستی شێخ ماچ دەکا و بە خەجالەتییەوە دەڕوات! ))(شڵماشی، ١٣٩٢، ٢١١)

## پێنجەم: گاڵتەوگەپ

گێڕانەوەی بابەتێکی پێکەنینی و تەنزە، بە شێوەی چیرۆکێکی کورت، چیرۆکەکە دەشێت، ڕووی دابێت و دەشێت ئەفرێنراوبێت. ئەم گێڕانەوەیە دەکرێت سەربەخۆ لێی بروانرێت، لەگەڵێشیدا دەکرێت وەک مۆتیفێک بچێتە ناو هەقایەتی گەورەوە. لە ئەدەبی کوردیدا نوکتە، گاڵتەوگەپ، قسەی خۆشیشی پێدەوترێت، ((قسەی خۆش چیرۆکێکی کورتە و بەڵام بە جۆرێکی گاڵتەئامێز داڕێژراوە و گیانی پێکەنینی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بەبەرا کراوە))(عیزەدین مستەفا، ٢٠١٠، ١٣٢) ئەم مۆدێلەی گێڕانەوە دەشێت، بە گێڕانەوەی تەنزئامێزیش بناسرێت، بەو مانایەی: لە زمانی کوردیدا هەردوو وشەی تەنز و سەتیر خوازراوە بۆ ئەو جۆرە لە ئەدەب کە زمانێکی بە پلاری هەیە و لایەنە نەشیاوە ئاکارییەکانی کۆمەڵ بە شێوەی پێکەنین و گاڵتەجاڕی نیشاندەدات، لە پاڵ هەر دوو وشەکەدا، زاراوەکانی وەک: گاڵتەجاڕی، تەوس، پلار، توانج-یش بەکاردێت. جۆرەی گێڕانەوەیە لەسەرشانی ئەم کەسێتیانەیە. ئەمانەش کۆمەڵێک ئارکتایپی نێو حیکایەتی ڕۆژهەڵاتن، زۆر ڕووداو دەدرێنە پاڵ ئەمان، چ لە حیکایەتی پەندئامێزدا، چ لە گێڕانەوەی تەنزئامێز بۆ نموونە: هاروونە ڕەشید، تەیموری لەنگ، سوڵتان مەحموود، باڵوڵ، جوحا، مەلای مەشهورە، خدری زیندە، مەلا ئەبوبەکر، تەلحەک.. وەکو کەسێتی باویش بە زۆری ژنان و پیاوانی ئایینی و کەسانی هەژار و گوندەکی و کەسانی گەمژەن. لە گێڕانەوەی تەنزئامێزدا بەهۆی کورتی مەوداکەیەوە، کەسێتیسازی کارەکتەر، بەشێکی لە زەینی خوێنەری ئەو کلتورەدا هەیە، بەشێکی تری بەهۆی ڕووداوەکەوە نیشاندەدرێت. بۆیە بەس ناوهێنانی دەبێتە هۆی ئامادەگی ئەو هەموو زانیاریانەی لە پێشتر ئێمە وەک بیسەر و خوێنەر لە بارەی ئەو کەسەوە هەمانە. توێژەرانی ئێمە پێیان وایە هاوبەشێتی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات وای کردووە لە ئەدەبی گاڵتەگەپ و تەنزئامێزدا کەسایەتی بەهلول و مەلامەزبورەش وەک کورد تەماشا بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا کەسیتی ڕەسەنی کورد لە نێو گێڕانەوە کوردییەکاندا هەن وەک: لالە سەرحەد و ئەحەی کرنوو، کە بەڕای دکتۆر عیزەدین، لالە سەرحەدی قارەمانی نێو خێڵەکی و ڕووداوەکانی گوندە، بەڵام کەسێکی وەک ئەحەی کورنوو قارەمانێکی شارستانییە و قسەکانی بەرهەمی ژیانی شارستان و سەرەتای پەیدابوونی ژیانی تازەی شارە لە ناوچەی باباندا و قسەکانیشی نرکەی پڕ لە پێکەنینە بە ژیانی دواکەوتووی کۆمەڵگادا نموونەیەکی گاڵتەوگەپ:

ئەحەی کرنوو جارێک دەچێتە کۆیە، سەیر دەکات پیاوێک دوو منداڵی جوانی لەگەڵدایە، بە پیاوە کە ئەڵێ ئەرێ برا توخوا ناوت چییە؟ ئەڵێ عەبدلحواحید، ئەڵێ دەلاچۆ تۆ بە جێیان بێڵە من عەبدی هەردووکیانم! (سەجادی، ٢٠١٥، ٩٦)

پۆلێنبەندی ئەمانە لە سەر ناوەڕۆکە و وەک فۆرم هەمان پەیڕەبەندی گشتی هەقایەتە، ئەوەی ئەمانە جیادەکاتەوە لەیەک ڕووداو و کەسێتییەکانن، ئێمە لە بارەی جوانیناسیانەوە دەدوێین. بونیادی حیکایەت بە شێوەیەکی گشتی لە پێشەکی و ناوەڕۆک و کۆتایی پێکهاتەوە. حیکایەتخوان بە ڕستەی هەبوو نەبوو دەست پێدەکات، هەندێک جار ڕستەیەکی کورتە، هەندێک جاریش بە تایبەت لە گێڕانەوەی زارەکی دا حیکایەتخوان درێژە دەدات بە پشەکییەکەی و خۆی لە چەند ڕستەیەکدا دەبینێتەوە ((کە زیاتر بۆ ئامادەکاری و جۆشدانی کۆڕی حیکایەت و کەشێکی گەرموگوڕی جەفەنگ ئامێزە)) (حەسەن، ٢٠١٠، ٢٦) حیکایەتخوان لەم سەرەتایەوە کە نیشاندەری کاتی نادیار و لە مێژینەو دوورە، دەست دەکات بە گێڕانەوە کە ((لە ڕاستیدا هەموو کارو کردەوە دواییەکانی حەکایەتەکە لە کەسەکان و شوێن و زەمەنیش لەسەر ئەستوونی ئەو هەبوو نەبووە ڕادەگیرێ)) (جوتیار، ٢٠٠٦، ٧٣) لە سەرەتای گێڕانەوەشدا پاڵەوانی داهاتوو یان یەکێک لە کەسیتییە سەرەکییەکان دەناسێنێت، لەوێوە بە ناو ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا دەڕوات تا خاڵی سەرکەوتن و کۆتایی، ئەوسا لە کۆتاییدا بە ڕستەی منیش هەتامەوە هیچیان نەدامێ. کۆتایی بە گێڕانەوەکە دەهێنێت. ئەم بونیادە بەشێوەیەکی جێگیر دەمێنێتەوە لە هەموو حیکایەتەکانی دنیادا، تەنها بەپێی ناوچە و نەتەوە و بڕواکان، سەرەتا و کۆتاییەکە دەکرێت دەربڕینەکەی بگۆڕێت. بۆ نموونە لە هەقایەتی کوردیدا هەبوونەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، ئاماژەیە بۆ کاتێکی زوو، تێهەڵکێش بە بڕوای ئاینی کە هەر سەردەمیکیش بووبێت، باسی هەر پاشایەکیش بووبێت، بەڵام ئەوەی هەبووە و ئەوەشی هێشتا نەبووە و دەبێت، هەر مەخلوق بوون و خالق نەبوون، خودا لە هەمووان گەورەتر بووە.

## بەشی دووەم:

## مۆتیف وەک بونیادنەری جوانیناسی هەقایەت

مۆتیف زاراوەیەکی وێژەییە، واتای ئەو بیرە سەرەکییە دەدات کە لە بەرهەمی وێژەیی دا و بە تایبەت لە هەقایەتەکاندا بە دەربڕینی بیرو جۆری کارەسات لە شیوەی دەق تایبەتی دا کە بە زۆری لەو دەق دووبارە دەبێتەوە، دەردەکەوێت (جامباز، ١٩٨٩، ٢٩) بە واتایەکی تر ((مۆتیف؛ تێمە یان کەسێتی یان ئارکتایپێکی دیاریکراوە کە بەشێوەی جۆراوجۆر لە ئەدەبیات و هونەردا دووبارەدەبێتەوە))(داد، ١٣٨٥،

٨٥) له ئەدەبیاتدا بریتییە لە: تێمە، وێنەی هونەریی، بیر، کردار، بابەت، بارودۆخ، دیمەن، کەش و ڕەنگ یان وشە و دەربڕینێ کە لە بەرهەمی ئەدەبی دیاریکراو یان بەرهەمی جیاواز دا دووبارە دەبێتەوە. دووبارەبوونەوەی مۆتیف لە بەرهەمێکی دیاریکراودا، بەرهەمەکە بەرەو هاوئاهەنگی و یەکپارچەیی دەبات.( میرصادقی،١٣٨٨، ٥٧) مۆتیف لە ئەدەبیاتی گێڕانەوەدا بە مانای توخمی دووبارە بووەوە دێت، کە زۆر شت دەگرێتەوە» بۆ نمونە تایبەتمەندی گشتی کەسێتی وەک: (گەردن بلور، چاوی شین، خاڵی ڕەش، قەمبور، باڵا کورت، ناوشان پان..) باری دەروونی وەک: (خەمبار، دڵ خۆشی، ترس، دەروونپەرۆشی، چاوقایم..) هەموو ئەو شتانەی پەیوەستن بە کەسێتییەوە وەک: (شێوازی قسەکردنی، پۆشاک، دەنگ، پلەی کۆمەڵایەتی، بڕوا و ئایدۆلۆژیا..)، جگە لەمانە ڕووداو، وێنەی هونەریی، کات-شوێن، هەر یەک لەو ژانرە پێکهێنەرانەی گێڕانەوە دەگرێتەوە، کە بەهۆی دووبارە و چەندبارە دەرکەوتنیانەوە دەبنە مۆتیف. لە ڕاستیدا هیچ یەک لە مانە بە تەنها نابنە موتیف، بەڵکو لە بەرکەوتنی چەندین جارەیاندا خوێنەر هەستی پێدەکات و هەستیار دەبێت بەرامبەری، ئەمەش دەبیتە بەشیک لە جوانییەکانی گێڕانەوە. بە واتایەک: (( مۆتیف بریتییە لە مەفهوم، وێنە، ڕووداو یان ئارکتایپیک کە لە چیرۆکدا بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و جوانیناسی بەرهەمەکە تێر دەکات. لە هەقایەتی پەریان دا ئەم مۆتیفە دەتوانیت کەسێتی و ئاژەڵی وەک ئەسپ، جادووگەر یان شازادە بێت و یا ڕووداوی وەک دزینی شازادە لە لایەن جادووگەرە و ڕزگارکردنی لە لایەن پاڵەوانەوە بێت، شازادە بە گشتی لە هەموو ئەم هەقایەتانەدا دووبارە دەبێتەوە. (مقدادی، ١٣٧٨، ٢٨١). یەکێک لە وانەی لە بارەی مۆتیف لە ئەدەبی گێڕانەوەدا دواوە، بۆریس تۆماشفێسکییە، کە مۆتیف وەک بچوکترین یەکەی گێڕانەوە دەناسێنێت، بە بڕوای ئەو هەموو چیرۆکێک مۆتیفێکی سەرەکی هەیە، لەگەڵ کۆمەڵێک مۆتیڤی لاوەکی کە مانای بەشێک لە چیرۆکەکە ڕوون دەکەنەوە، دروستکردنی پەیوەندی لە نیوان ئەم مۆتیفە لاوەکییانە ئەرکی خوێنەرە و بەمەش هەر چیرۆکێک دەبێتە زەمینەیەکی گفتوگۆ بۆ خوێنەر و دەق. کاتێک خوێنەر توانی ئەم پەیوەندییە بدۆزێتەوە ئەوە چیرۆکەکە سەرنجڕاکێش دەبێت (بەرزنجی، ٢٠١٠، ٢٣٤).

جۆرەکانی مۆتیف بەهۆی دەرکەوتنیان لە نێو توخمە بونیادییەکانی گێڕانەوەدا، فرە چەشنن، ئێمە لێرەدا بەش و جۆرەکانی بە هێنانەوەی نموونەی ناو هەقایەت و گێڕانەوەی سەرگوزەشتە، دیاری دەکەین.(محمد پارسانسب)(٢) هەڵبەت پێشتر لە لایەن تاریق جامبارەوە مۆتیڤی هەقایەتی کوردی لە کتێبی «چل کەزی» دا نیشان درابوو، هەرچی مەولود ئیبراهیم حەسەنیشە گەلێک مۆتیڤی دیاری کردووە، ئەگەرچی کارەکەی ئەو لە نێو هەقایەتی ئەفسانەییە دایە، بەڵام ڕاشکاوانە لەوەش دەدوێت مەرج نییە هەموو ئەو مۆتیفانە هی هەقایەتی ئەفسانەیی بن، ناساندن بۆ هەقایەتی ئەفسانەییش دەکات « ئەو چیرۆکەیە کە دانەرەکەی دیار نییە و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەگێڕدرێتەوە و کەسێتی ئەفسانەیی(دێو، ئەجندە..) بەهۆی ئامێر وکەرەستەی ئەفسانەیی(کڵاوی سەخر جن، بەرماڵی فڕیو) لە کات و شوێنی ئەفسانەییدا(تێپەڕبوونی هەزار ساڵ لە خولەکێکدا، کێوی قاف..) کاری ئەفسانەیی(بوون بە بەردی مرۆڤ..) تێدا دەکەن.(حەسەن، ٢٠٢٠، ٢٥)

## یەکەم: کەسێتی هەقایەت

کە هەم ڕۆڵی کەسێتی چیرۆک دەگێڕێت و هەم وەک ئارکتایپ مانا و مەفهومێکی تایبەت دەبەخشێت بە چیرۆکەکە. ئەگەر ئەم کەسێتیانە بگۆڕین بە کەسێتی تر، ڕووی مانا و تەنانەت جوانیناسی چیرۆکەکە دەگۆڕیت و لە پێزی کەم دەکاتەوە (( بە شێوەیەکی گشتی کەسێتی بە کۆمەڵە ڕەفتارێک دەوترێت، کە تاکێکی دەداتە کەسێک و لە ئەنجامدا ناسنامەی پێدەدات، ئەم ناسنامە دەکرێت بە دڵی کۆمەڵگە بێت، یان بە دڵی نەبێت))(خسروی، ١٣٨٨، ١٠٣) بەشێکی جوانیناسی هەقایەت پەیوەستە بە مۆتیڤی کەسێتییەوە، بە تایبەت پاڵەوان، کە مەردی مەیدان و پیاوی نەجیب و کەسی ڕۆژی تەنگانەیە، ئەم کارەکتەرە لە زۆربەی هەقایەتەکاندا درووبارە دەبێتەوە و هەقایەتی پەریان نییە، پاڵەوانی تێدانەبێت. پاڵەوان لە هەقایەتی کوردیدا بە دوو جۆر دەرکەوێت. پاڵەوانێک کە کوڕی بچوکی پادشا، یان جوتیار یان کەسێکە و لیهاتووە، بەهۆی پلەی کۆمەڵایەتی، یان سیفاتی مرۆڤی، یان جوانی خودایی و دەوڵەمەندییەوە شایەنی بە پاڵەوان بوونە. یاخود پاڵەوان بە ڕێکەوت دەبێت بە پاڵەوان و لەسەرەتادا شایستە نییە، و پێگەیەکی کەمی هەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەوەیش کوڕە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کەچەڵیە، بەڵام ڕەوتی هەقایەت پێی دەگەیەنێت و ئازا دەبێت و کاری شایستە دەکات، ئەگەرچی پڕۆپ پێی وایە کەسایەتییەکان خودی خۆیان نا، بەڵکو کردەوەکانیان لە هەقایەتی پەریان دا گرنگن، چونکە ڕیشەیان لە کردەکاندا هەیە، کەسی دزێو فریاد ڕەس خۆیان گرنگ نین، بەڵکو ئەو شتەی دەیکەن گرنگە، کاری ئەوان لە چیرۆکە جۆراوجۆرەکاندا کارکردێکی هاوشێوەیان هەیە(پێرتێنز، ٢٠١٥، ٧٣). بەڵام لای خوێنەر ئەمە واناکەوێتەوە، خوێنەر و بیسەری هەقایەتی میللی کارەکتەرەکەی بۆ گرنگە، بە تایبەت ئەگەر هەقایەتەکە ئاینی یان گاڵتەوگەپی بێت، دەگۆڕێت، جەختی هەقایەت لە هەندێک لە بەسەرهاتی ئایینی دا بۆ کەسێتیە کە لە زۆربار دا بوونی مێژووی هەیە، وەک چیرۆکی پیغەمبەران و پیاو چاکان، لەم هەقایەتاندەدا کەسێتییەکان بەبوونی خۆیان دەبنە دارێژەری هەقایەتیش، لەو ڕووەوە کەسێتیەکان لە دروستکردنی ڕووداوەکاندا ڕۆڵی خۆیانیان هەیە، پلۆتیش لەگەڵ کارەکتەردا پەیوەندیەکی نزیکی دەبێت، کەسێتیەکان لە دارشتنی پلۆتدا کاریگەر دەبن، زۆرینەی تویژناسانیش بە پرۆپیشەوە لەسەر ئەوە کۆکن کە کەسێتی و ڕووداو بێ یەک نایان کرێت،  کاتێک کارەکترە و ڕووداو پیکەوە هەقایەتەکە بەرەو پێش دەبەن، کە کەسێتی خێر و شەڕن، ئەمانە بە شێوەیەک بۆ خوێنەر بخرینە ڕوو کە واقیعین، ئەوا خوێنەر بەهۆی کەسیتیەوە، دەبێتە بەشیک لە هەقایەت و لایەنگری ئەو بۆ کسەێتی چاکەکار دەست پیدەکات، ئەمەش وادەکات مەیل و چاوەڕوانی هەبێت لەگەڵ گێڕانەوەکەدا و بەردەوام بیت لە خوێندنەوەی هەقایەتەکە(رضوانیان، ١٣٨٩، ١١١)

## مۆتیڤی کەسێتی دابەش دەبێت بۆ چەند دەستەیەک:

* کەسێتی ڕاستەقینەی مرۆڤی: ئەم جۆرە لە هەقایەتەکاندا، وەک کەسانی ناو کۆمەڵ دەردەکەون، ئەمەش نزیکی و سۆز دەدات بە خوێنەر، کە ئەو نمونانە کەسانی هەبوون و خوێنەر لە ژیانیدا دیونی.

کەسێتیە حەقیقییەکان: ئەم کەسێتیانە بوونی ڕاستەقینەیان هەیە، زۆر جار لە هەقایەتی پەریان دا ژمارەیەکی زۆریان دەکەونە ناو یەک هەقایەتەوە، لە هەقایەتی پەندئامێز یان ئایینی دەکرێت دانەیەک یان چەند دانەیەکی دیاریکراویان بەرچاو بکەوێت. وەک: پیر، دەروێش، گەمژە، شێت، کەچەڵ، لادێی، شێت نوێن (عاقڵی شێت)، کەنیز، غوڵام، قازی، عاشق، مەعشوق، پاشا، وەزیر، خدری زیندە، یونس، سولەیمان، سوڵتان مەحمود و هەیاس، حەلاج، شبلی، وەیسی قەرەنی، ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم مەعروفی کەرخی، شا عەباسی سەفەوی..، هەندێک لەم کەسێتانە بوونی هەقیقان هەیە و گەلێک ڕووداو ڕووی داوە لە ژیانیان دا، بەڵام ئیدی حیکایەتخوان لەزۆر حیکایەتی تردا بە سود وەرگرتن لەم کەسێتیانە هەقایەتی خۆی دەگێڕێتەوە. ئەگەرچی ئەم کارەکتەرانەی دوایی کارەکتەری کورد نین، بەڵام ئیدی لە گێڕانەوەدا، گوێگر چاوەڕوانی کورد بوون یان فاس و تورک بوون ناکات، ئەو بە شوێن ئەو ئارکتایپەوەیە کە دەبێتە پاڵەوانی ناو ڕووداوەکان و لە ڕیگەیەوە بەسەرهاتێک دەبیستێت. بۆ نموونە لە خەرمان لۆغەدا باسی ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم و ئەمین و مەئمونی هارونەڕەشیدو باڵول و لوقمانی حەکیمیش کات، هەندێک لەم کارەکتەرانە، کەسانی ناو مێژوون، لە هەقایەتی ئایینیداهەن، بە تایبەت لە کتێبی یادی ئەولیای عەتاری نیشابوری دا، کە محەمەد شڵماشی خۆی کتێبێکی بە ناوی مەجلیسی ئەولیا لە هەموو ئەو کتێبانەی ژیانی پیاوچاکان و پیرانی ڕێبازە سۆفیگەریەکانیان نووسیوەتەوە ئامادەکردووە، ئەمانە بەهۆی کۆڕ و کۆبوونەوە ئاینییە و حوجرە و تەکیکانەوە بوون بە بەشێک لە هەقایەتی کوردی.

هەندێک لەو هەقایەتانە، لە ڕووداوی ڕاستییەوە نزیکن و لە زۆربەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتدا بە چەسپاوی بونیادە گشتییەکەی و دەستکاری مۆتیڤە لاوەکییەکانی، گێڕاونەتەوە بۆ نموونە هەقایەتی گیسکەکەی هەیاس، کە وەک ئیدۆمیش بەکاردێت. عەلادین سەجادی لە ڕشتەی مرواریدا باسیکردووە (سەجادی، ٢٠١٥، ١٢٠) هەقایەتەکە لە بارەی زرنگی هەیاسەوە، کاتێک سوڵتان مەحمود لێی تورە دەبێت و ئەویش دڵگران دەبێت و دەڕوات بەهۆی لیهاتوویەوە لە ڕووداوی گیسکی بەخێوکراوی چل ڕۆژەدا دەدۆزرێتەوە. ئەم جۆرەی هەقایەت چەسپاوە و پەیوەستە بە چیرۆکی بەربڵاوی دانایی و کارزانی هەیاس و زاڵمی سوڵتان مەحمودەوە و لە هەر هەقایەتێکش ئیدۆمێک سازاوە، بۆ نمونە خوا لە سوڵتان مەحمود گەورەترەی کابرای دارتاش. بەڵام لە گێڕانەوەی تردا، سوڵتان مەحمود دەکەوێتە ناو هەقایەتی پەریانەوە، چیرۆکی زاڵمێتی

سوڵتان و حەکیمی هەیاس، ئاوێتەی ئەژدیها و فیرنەگوڵە وکچی شای پەریان دەبێت، بۆ نموونە لە هەقایەتی (سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس و پرسینەوەی شای پەرییان) دا، بەهۆی لێکدانی حیکایەتی واقیعی و ئەفسانەییەوە، هەقایەتێکی نوێ ئەفرێنراوە، ئەمەش جوانیناسی گێڕانەوەیە لە هێنانی مۆتیڤە جوداکانی ناو هەقایەتە جوداکان وهاوئاهەنگی پێدانیان لە هەقایەتی پەریان دا. وەک چۆن لە هەقایەتی کورە کەچەڵە دا، هەیاسی خاس کورە کەچەڵەیە کە لە ڕەوتی مێژوویدا، دوورە لە ڕاستیدا، بەڵام ئەم جۆرە ناباوکردنە، کە ئاوێنەکاری هەقایتی فۆلکلۆری کوردی و داستانی سوڵتان مەحمود هەیاسی خاسە، دەبێتە هۆی بونیادێکی نوێی هەقایەت، لەم هەقایەتەدا(هەیاس کورە کچەڵەیە و دایکی نەماوە و باوەژنی دۆستی هەیە و وەک ئاشکراشە بە چەشنی سۆزانییەک هەڵسوکەوت دەکات، باوکی هەیاس جوتیارە و زەوی دەکێڵێت، باوکی هەیاس کابرایەکی ملشۆڕی بودەڵەیە..) (سەعید، ٢٠٠٩). ناونیشان و سیفاتی پاڵەوانان لە هەقایەتی پەریان دا توخمی گۆڕاون، مەبەستیش بە سیفات کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەرەکی(زاهیری) پاڵەوانە، وەک تەمەن، ڕەگەز، پلە، و وردەکاری شێوە و شکڵی، ئەم سیفاتانە دروشاوەیی، دڵفڕێنی و جوانی تایبەت دەدەن بە هەقایەت. (پراپ، ١٣٨٦، ١٧٥)

هێندەی هەیە، ئەو حیکایەتانەی لە ناوچەکانی کوردستانی باشوور دا دەگێڕدرێنەوە زۆریان حیکایەتی پەندئامێز بە زاری سوڵتان مەحمود و هاروونە ڕەشیدەوەن، کەچی حیکایەتەکانی ڕۆژهەڵات و بە تایبەتیش کرمانجییەکانی خۆراسان شا عەباسە و زۆرجاریش پاڵەوانی فریادڕەس ئیمامی عەلییە، ئەمەش پەیوەندی بە گۆڕانی هەقایەت و تێکەڵ بوونی لەگەڵ لەگەڵ کلتور و بڕوادایە : (( ئەو شەوە حەزرەتی عەلی لەوڵاتەوە تێپەڕی و دەستێکی بەسەر ئاسکەکەدا کێشا و ئاسکەکە بوو بە لاوێکی جوان و گەشایەوە..))( تەوەحودی، ٢٠٢٠، ٤٨).

* کەسێتی ڕەمز و هێمایی: ئەم کەسیتیانە دەکرێت وەک یارمەتیدەر لە هەقایەتەکاندا دەربکەون و یان ببن بە هەقایەتی لاوەکی، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە هەقایەتی ئاینی و پەندئامێزدا هەن. بە هێنانی ناویان خوێنەر هەست بە جۆری هەقایەتەکەش دەکات کە دەشێت: دانایی، یان بەخشندەیی، یان ئەوینداری یان کارزانی بێت، نمونەشیان بریتین لە: لوقیمانی حەکیم، مەلا نەسرەدین، جوحا، شێخی سەنعان، حاتەمی تایی، هەر یەک لە مانە ئارکتایپیکن و بە سیفاتدا دەناسرێنەوە، وێنەی ئامادەبوون کە دەخرێنە ناو گێڕانەوەوە، خوێنەر وەک ڕەنگی زاڵی ناو تابلۆیەک چاوەڕێی ڕەنگەکانی تر دەکات تا ئەم پارە لە پاڵ پارەکانی تردا تابلۆکەی بۆ تەواو کەن. کەسێتی لوقمانی حەکیم دانایە و لە گێڕانەوەی ئامۆژگاری ئامێز دا دەرکەوێت، کە زۆر جاران بە زمانی ئاژەڵانیشەوە دەگێڕێتەوە، شێخی سنعان، لە ڕێونی و ئەوینداری دا باس دەکریت وکەسێتییەکی پیری ئاینی خوداناسە، کە تەمەنی پەنجا ساڵە و هەشتا هەزار دەروێشی هەیە. حاتەمی تایی پیاوی زەنگینی دەستودڵ باشە، هەرچی باڵولە خاوەنی هەڵویستە و قسەبڕی ناو مەجلیسانە، کە زۆرجار گێڕانەوەکانی دانایی و تەنز دروست دەکەن، بۆ نمونە:

ڕۆژێک باڵوڵ چووە مەجلیسی هارونە ڕەشید، یەکێک لە وەزیرەکان گوتی: ئەی باڵوڵ! موژدەبێ لە تۆ کە ئەمیری موسوڵمانان تۆی کردووە بە گەورە و سەرداری مەیمون و بەرازارن. باڵووڵ لەسەرەخۆ گوتی: جا کەوایە لەوڕۆ بەدواوە هەرچی گوتم بە قسەم بکە و لە فەرمانم دەرمەچۆ؛ چونکە تۆ یەکێک دەبی لە ڕەعیەت و ژێردەستەکانم. (شلماشی، ٢٠٠٠، ١٣)

* کەسێتی ڕاستەقینەی ئاژەڵی: لە هەقایەتی کوردیدا چوارپێ، باڵندە، تەنانەت دیاردە سرووشتییەکانیش خاوەن گیان و نیشانەی تایبەتن و لەگەڵ مرۆڤ قسە و پرسوڕا دەکەن: وەکو کۆتری نامەبەر، تووتی قسەکەر، سەگی بەوەفا، ئەسپی نەجیب، ڕێوی فێڵباز، مێلورەی زەحمەتکێش، ئەمانە ئەگەرچی بیچمیان واقیە بەڵام کردەوەیان لە هەقایەتدا نائاساییە و ئەمەش پەیوەندی بە هێمایی بوونی ئەوانەوە هەیە، کە سیمبولن بۆکەسێتی ناوکۆمەڵگا (سەلیمی، ٢٠١٣، ٥٢) ئەم ئاژەڵانە دەشیت یارمەتیدەری پاڵەوان بن، لە هەقایەتی پەریان دا، لە هەقایەتی پەندئامێزیشدا وەک کەسێتی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و تەنها بە ناو ئاژەڵن وەک: شێر، ڕێوی، مار، ماسی، توتی، کۆتر، ئەسپ، هەنگ، قالۆنچە، مێلوورە...


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

### * کەسێتی میتافۆڕ:

* توخمە سرووشتییەکان: درەخت، با، دەریا، خۆر، ئەشکوت، گوڵ
* توخمە پیرۆزەکان: فریشتە، ئیزرائیل، جوبرەیل، هاتف، سرووش، سولەیمان، خدری زیندە.
* توخم واتاییەکان ئەبستراکت: خێر و شەڕ، عەقل و عەشق، چاکە و خراپە.
* توخمی ئەستورەیی- ئەفسانەیی: کێوی قاف، سیمورغ، گا، عەنقا، دێو، فیڕنەگولە، ئەژدیها، پەری، جنوکە، عیفریت، ئەهریمەن.

لە حیکایەتی دینی و پەندئامێز دا، زۆر جار کەسێتی میتافۆر دێتەوە لە پۆلێنی کەسێتی پیرۆز، وجودی ئەو کەسیتیە وەها دەکات کۆی هەقایەتەکە ببێتە گێڕانەوەیەکی پڕ سۆزی ئایینی، لەم هەقایەتدا کەسێتی ڕاستەقینەی پیغەمبەر (د.خ) لەگەڵ کەسێتی وێناکراوی جوبریل و فریشتەیەکی تردا باس دەکرێن: ((دنێڤا ئەکرادان ل وەجهێ تەمسیل، وەها مەشهوورە کو گۆیا نەقل دکەن، کو وەقتێ پێغەمبەر علیە السلام وەکو چوویە میعراجێ، حەزرەتێ جبرائیل دگەل بویی و سەیرا عەجایب و غەرایبێد سەمەواتان دکرن، پێغەمبەر علیە السلام مەلەکەکی مەزن دیت کو دهولەکی زێدە جەسیم د ئەستودایە و چوماغەکێ مەزن د دەستی دایە، وەها مونتەزر وەستایە، پێغەمبەر علیە السلام پرسیار کرن کو ئەڤنە چنە و تۆ مەئمورێ چ شولی، ئەوی مەلەکی جەواب دایێ، گۆ، یا رسول اللە ئەز مەئمورم کو ئەگەر مرۆڤەک ژ تائیفا خوەندیان ئیحسان و سەدەقەیەکێ وەیاخۆ تەعام و زادەکی بدەنە فەقیرەکی، ئەز دێ چوماغەکی لڤێ دهولێ بدەم، کو ئەڤ ئیحسان و سەدەقەیا وی خوەندی، ب مەعلوومی مەلایکێد سەمەواتان ببن، ئیجارێ پێغەمبەر علیە السلام ژ وی مەلەکی سوال کرن، کو هندی کو تو هاتی مەئمور کرن تە قەت چەند جاران لڤێ دهولێ دایە، مەلەکی جەواب دایە، کو حەتا نها ئەز مونتەزرم، لاکین من قەت ل دهولێ نەدایە، پاشی نها ژی ئێدی خودێ بزانی، یانی خوەندیێد حەمو مللەتان، ئەکسەری کێم ئیحسان و کێم ئیکرام دبن، لەورانێ ئەو دخوەزن خەلق ئیکرام و ئیحسانێ ل وان بکەن، لاکین بخوە تشتەکی نادەنە ژاران.)) (بایەزیدی ٢٠٠٤، ٨)

## دووەم: کەرەستە

کە وەک ژانرێکی تایبەت و کاریگەری گێڕانەوە و هەندێک جاریش وەک شتێکی ژووریئاسایی لە هەقایەتدا دێت. کە زۆر جار لە بری تێمەش دەردەکەوێت. لە هەقایەتی کوردیدا، کەرەستە گەلێک گرنگە (ئەنگوستیلە، کەوش، تاڵە موو و قوتووی جادویی، کاری سەیروسەرمەری وەها دەکەن، کە مرۆڤی ئاسایی توانای ئەنجامی کاری ئاوای نییە، بۆ وێنە مەودای حەوت دەریا و حەوت کێوان، بە چاوتروکاندنێک، یان هەڵپروزاندنی تاڵە موویەک دەرپەون و لە دوایەمین کاتەکاندا دێنە پارمەتی خاوەنەکانیان و لە مەترسی ڕزگاریان دەکەن (سەلیمی، ٢٠١٣، ٩٢)ئەم کەرەستانە بە چەند جۆریک دابەش دەبن:

* کەرەستەی جادوویی- ئەفسانەیی: سندوق، ئەنگوستیلە، ژەهر، کاسەی زێڕ و زیو، چەرخوفەلەک، پاچ، زورنا..
* کەرەستەی میفەڕک و پیرۆز: لیکی دەم، تاڵی موو، کڵۆی شەکر، خەرقە، مێزەر، کڵاو، عەبا، عەسا، سێو، هەنار، پەڕی سیمورغ، تاڵی کلکی گا، موی مێلوورە، تاڵی سمێڵ.
* کەرەستەی هێمایی و ڕەمزی: شەلاقی سوڵتان، ئەنگوستیلەی پادشا، ئاوێنە، تابووت...

لە حیکایەتی زەنگی شەقلەباز دا(تەڤی، ٢٠٠٦، ٢١) ئەحمەد وفاتێ بە هۆی بەدکاری پورەکانیانەوە فرێ دەدرێن نازانن شازادەن، ئاشەوانێک بە خێوان دەکات، کە گەورە دەبن، ئاشەوان جێدێڵن تا بچن بە لای چارەنووسی خۆیانەوە، ئاشەوان بەر لە ڕۆشتن دەڵێت: ((ڕۆڵەی شیرینم پێش ئەوەی لەیەک جیاببنەوە دیارییەکت دەدەمێ، ئەم مێزەر و دار عەسایەی دەستم لێ وەرگرە، پارێزگاریان لێ بکە تا ئەگەیتە شوێنێکی ئاودار کە بە دڵت بێ، ئەوسا چاو بنوقێنە و مێزەرەکە بکە ڕەسەرت و دارعەساکە بدە بە زەوی دا و بڵێ: لە نییەتی ئەوەی ببێتە کۆشک و تەلارێک وێنەی نەبێت، دە بڕۆن خواتان لەگەڵ)).

لە هەقایەتی هەپووش دا(تەڤی، ٢٠٠٦، ١١٩) کوڕەی کەچەڵ بەهۆی سێ کەرەستەی جادووییەوە، کە بەختی بۆ دێنن، دەتوانێ کچی پاشا

بباتەوە ئەوانیش (پاچێک کە زەوی پێ هەڵدەکەنێت و هەنجیری مەسخکەری پێ دەدوزێتەوە، زورنایەکی کە جنۆکانی لە دەوەر کۆدەبنەوە، کڵاوێک کە دەیکاتە سەری غەیب دەبێت.

لە گوڵپەری دا، تاڵێک زولفی پەری وەک گڵۆلە بەنێک دەبێت و دەیدات بە پاشا: (( چاشان تاڵێکی لە قژی هەڵکەند و دای بە شا محەمەد و وتی: لە هەر شوێنێک کێشەت بۆ ساز بوو، ئەم تاڵە قژەم ئاگر تێبەردە، ئەمن خیرا لەوێ ئامادە دەبم)) ( تەوەحودی، ٢٠٢٠، ٩٢)

## سێیەم: بابەت و چەمک

بابەتەکانی: موسوڵمانی، کفر، عەشق، ئیمان، نەمری، بێ منداڵی، دانایی، بێ هۆش، نەخۆشی، زیندانی، گەمژەیی، زرنگی، چاوقایمی، ئازایی، ڕەندی، پاکی، خیانەت، خوداپەرستی، بەندایەتی، وەفاداری. بابەتی گرنگی ناو حیکایەتن، بەڵام مۆتیڤی ئەوینداربوون لە زۆرێک لە هەقایەتی پەریان دا هەیە، کە کوڕی پاشا، یان تاکی پێڵاوێکی کچەکە دەبینێت، یان بۆی وەسف دەکەن، یانیش لە خەون دا دەیبینێ، زۆراب کوڕی پاشایە زەرد و لاوازە و ئارامی لێ براوە کوڕی وەزیر کە هاوڕێیەتی لێی دەپرسێت و ئەویش ڕازی خۆی دەدرکێنێت: (( بەخوا براگیان چی بێ لە تۆ نهێنی لە خەوما کچی پاشایەکم بینیوە، و لەوساوە بە تیری عەشقی گرفتار بووم، هەر چەندە ئەکەم و ئەکۆشم لەبیرم ناچێتەوە، خەوم و خواردنم نەماوە...))(تەقی، ٢٠٠٦، ٨٩)

لە پاڵ ئەو مۆتیڤە دا مۆتێفێکی تریش دێتە سەری کە بینی وێنەی کێشراوی شازادەیە، جا کوڕە شازادەیە یان کچە شازادە بێت فەرق نییە، لە هەقایەتی فەلەکناس دا(جوتیار، ٢٠٠٦، ٤٣)، فەلەکناس شازادەیەکی جوانی قوزی میسرە و وێنەکەی لە هەموو شوێنێکی شاردا هەڵواسراوە، بازرگانێک وێنەکەی لەگەڵ خۆی بۆ ئەستەمبوڵ دەباتەو، لە ئەستەمبوڵیش شازادەیەکی کچ هەیە بە ناوی مەلەکە خان، وەختێ بازرگان باسی گەڕان و سەفەری خۆی بۆ دەکات، چمکێکی وێنەکە لە باخەڵی دیارە، وێنەکە دەردەهێنێت و دەیدا بە کچە، ئیدی کچە شەیدای، کوڕی ناو وێنەکە دەبێت، بەهۆی کارەکەرەکەیەوە وێنەیەکی کێشراوی خۆی لەتەک نامەیەک دەنێرێت بۆ شازادەی میسر، وەختێ وێنەکە گەیشت بەو، ئەویش شەیدای مەلیکە خانم بوو.. مۆتیڤی وێنەی کێشراوی شازادە لە هەقایەتی «تیخ شوناس» دا دووبارە دەبێتەوە(تەقی، ٢٠٠٦، ٤٩) جوانیناسی مۆتیڤی دووبارەبووەوەی ئەم حیکایەتە، لە دووبارە بوونەوەی مۆتیڤی وێنەی کچەی دڵبەر دایە. سەرەتا شازادە تیخ شوناس، ئەویندار وێنەی کچەی شیرن سیما دەبێت کە بازرگانێک پێی داوە و سەری خۆی هەڵدەگرێت بۆ دۆزینەوەی کچەکە، هەردوو مۆتیڤ وێنەی کچ و گەڕان بۆی، دووبارە دەبیتەوە، کاتێک لە ڕێ لەسەر کانی و ئاوێک دەحەوێتەوە دەبینێت لاوێک دانیشتووە و بەسەر وێنەیەکدا ئەگری، کە لێی دەپرسێت، هەمان تاسەی ئەمی هەیە و لاوەکە دەیەوێت بگات بەوکچەی ناو وێنەکە، لاوە کە ناوی ئەستیرەژمێرە، دەبێتە هاودەمی تیخ شوناس، پاش تەی کردنی ڕێی دوور، هەمان وێنە دووبارە دەبیتەوە، لاوێکی تر بە ناوی دەریابڕ بەسەر وێنەیکی پەری شێوەدا دەگری.

پاشا منداڵی نابیت، بەڵام بەهۆی پیر یان دەروێش یان دەنگێکی غەیبانییەوە مژدەی منداڵی پێدەدرێت. لە حیکایەتی تیغ شوناس دا(تەقی، ٢٠٠٦، ٤٧) و لە هەقایەتی بازی پەریان (سەلیمی، ٢٠١٣، ١٤٨) پادشا بە زاری خۆیان ئەولادی نییە، لە حکایەتی یەکەمدا پاشا تەرکی دنیا دەکات و عەسا وکەشکۆڵی دەروێشی هەڵدەگرێ و دەیەوێ تەرکی دنیا بکات، بەڵام خەون دەبینێت. لە حیکایەتی دووەمدا پادشا سێ ژنی هەن، بەڵام منداڵی نابێت تا ڕۆژێ ڕیش سپییەک سێ سێوی لە بەهەشتەوە بۆ دێنێ و سێ منداڵی دەبیت.

## چوارەم: ڕووداو

* ڕووداوی باو: سەفەرکردن، پێشوازی لێکردن، چاوپیکەوتن، سەردانیکردن، خۆبەدەستەوەدان..

مۆتیڤی ڕووداو، لە هەموو هەقایەتەکاندا بەچەندها جۆر دەردەکەوێت و باوترین و هەمیشە ئامادەترینیان سەفەرە،پاڵەوان بۆ بردنەوە شازادە، یان کوشتنی دیو، یان پیگەیاندنی خۆی سەفەر دەکات، لەوێ چاوی بە کچی شازادە دەکەوێت. ئەم مۆتێڤانە هێندە باون، کە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

به تێروانینه تۆدۆرۆفییەکەی لە خاڵە بنەڕەتییەکانی ناو هەقایەتن. ڕووداوی ناو هەقایەتی پەندئامێز و گاڵتەوگەپ، زۆرینەی ڕووداوی باون، پێوست بە هێنانەوەی نموونە ناکات.

* ڕووداوی نائاسایی و دژەباو: جادوولێکردن، سوڕانەوە بەزەویدا، شیفابەخشی بە نەخۆش، تێپەڕین لە دەریا، زیندووکردنەوەی مردوو، مردنی لە ناکاو، پەیوەندی لەگەڵ جیهانی ڕۆحەکاندا، باز بەسەردا نیشتنەوە. بەشێکی ئەم ڕووداوە نا ئاساییانە لە هەقایەتی پەریان و ئاینی دا زۆرن.

بەشری حافی دەڵێت: ڕۆژێک بەلای گۆڕستانێکدا ڕۆشتم، تەماشام کرد ڕۆحیانەتی مردووەکان کۆبوونەوە، وەک شتێک لە بەینی خۆیاندا دابەش بکەن وابوو، لە دڵی خۆمدا گوتم، خۆزگە دەمزانی بۆ وا کۆبوونەوە، فەرمووی وەک لە غەیبەوە بانگم کەن، گوێم لە دەنگێک بوو، وتی ئەی بیشری حافی، لەم ڕۆژانەدا موسوڵمانێ: سێ فاتیحای هەدیەی ڕۆحی ئەو مردووانە کردووە، ئەوە سەوابەکەی بەش دەکەین بۆیە وا کۆبووینەتەوە.(شلماشی، ١٣٩٢، ٦٦). لە هەقایتی هەپووش دا(تەقی، ٢٠٠٦)، کوڕەکچەڵ، بەهۆی سێ کەرەستە جادوویەکەوە، پاشا دەکات بە گوێدرێژ و دوایش چاکی دەکاتەوە.

سێ کۆتر هاتن لەسەر دارەکە نیشتنەوە، یەکێکیان بەوانی تری وت، ئەم سێ خوشکە کڵۆڵانە بە ناهەقتوشی دەردی سەری بوون، با یارمەتیان بدەین، ئەوی تریان وتی: با گوێیان لێیێ ، من کە هەڵفڕیم، شاپەڕیک ئەخەمە خوارێ بچنە سەر کانییە شەکرەکەی ئەو دیو ئەم قەپاڵە، پەڕەکە بە ئاوەکە تەڕ کەن و بیهێنن بە ملی کوڕەکانیاندا چاک ئەبنەوە))(تەقی، ٢٠٠٦، ٤٢). لە هەقایەتی ئەحمەد بێ غەم دا، مۆتیڤی هەقایەتەکە زۆر گۆڕاوە، بەوەی لە بری کۆتر، ڕووداوی چابوونەوەی سەری براو، بەهۆی دوو جرجەوەیە: (( تەماشای کرد، لە پێش چاوی دوو جرج هاتنە دەرێ(گوتیان) خەوی لێ کەتییە، لەو تاقەی دەستیان بە مەشق کرد، پێک سەری ییکی هەرکێشا، ڕووبووە پنچە گیایەکێ هێنای جوی بەدەوی چوو لە ملی جورجەکەی ئەدا و جورجەش ڕاست دەبووەوە..)).(جامباز، ١٩٨٩، ٦١) لە ئەلێک و فاتێک دا(تەوەحودی، ٢٠٢٠، ٣٦) وێرای کۆتر؛ قەلەڕەشیش هەمان ڕۆڵی هەیە: ((لەپڕ دوو چاڵاو هاتن و لەسەر لقێکی دارییەکەوە نیشتنەوە و دەستاین کردە قرەقڕ، یەکێک لە قالاوەکان گوتی: خانگا من! زانی یان نزانی؟ قالاوەکەی دی گوتی: نا نازانم، بوێژە تا بزانم!..))

## پێنجەم: شوێن

* شوێنی گشتی: گۆڕستان، دەشت، خانەقا، ئەشکەوت، مزگەوت، دەریا، چیا، گوند، شار، ڕۆژهەڵات زەمین...

* شوێنی تایبەتی: کێوی قاف، کێوی ئەوقەیبەس، شاری قراڵی فەرەنگ، بەغداد، کەعبە، مەککە، هندستان، چین، یەمەین، ڕۆم، جابولسا، مەشریق، مەغریب، ئەرزەڕووم.

لە حەکایەتی ئەحمەدی بێ غەم دا(جامباز، ١٩٨٩، ٦١) کەوشی، ژنی ئەحمەد دەکەوێتە ناو دەریاوە: مندارەکان پێ سۆڵە زێرەکەیان لە دەست کەوتە بەحرێ، ماسی قووتی دا، تۆرەوان هات ماسی گرت، ماسیان لۆ بازاڕی برد، لە شاری قەراڵی شای فەرەنگ، کوڕی قەراڵی فەرەنگێ گۆت: ساحێی ئەو پێ سۆڵە زێڕەم دەوێ لە بنی بەحرێ بێ...))

خواجە محەمەدی یەمەنی بازرگان باشییە، سالانە دێتە ئەم هەرمە، شمەک دێنێ و دەبا هەمو جاریک دیارییەکی شاهانەی وەها دەباتەوە قابیل بە پاشای یەمەن بێ، ئەمساڵ گەڕا، سووڕا، ڕێی کەوتە بر کۆشکی بەوزۆ و لەوی بەهاری بینی..))(حەسەن، ٢٠١٠، ١٧٤) حەمە داوچی و ئەستگوستیلەی سلێمان پێغەمبەر(تەوەحودی ٢٠٢٠، ٨٢) (( لە چیا و دەرودۆڵ و ڕووبارەکانەوە تێپەڕین تاکو گەیشتنە ئەرزەڕووم و کۆشکەکەی حەمەداوچییان لەوێ دیتەوە و بە هەڵەداوان و خۆشحاڵییەوە چوون بۆ بەر کۆشکەکە)). (( ئەگەر خۆشت دەوێم دەبێ داری چا ئسترانم بۆ بێنی کە دەڵێن لەسەر یەکێ لە چیا سەرکەشەکانی ئەرزەڕۆمدایە))( تەوەحودی، ٢٠٢٠، ١٣٤).

## شەشەم: دەستەواژە

لە ناوەڕۆکی هەقایەتدا دێو یە پاڵەوان دەڵێت: ((بۆن دێ بۆنی بێگانان دێ، بۆنی نان دێ کییە؟ ئادەمی، ئادەمزادی، فریشتەی پەری، خۆت دەرخە تا بتخەمە ژێر کلوی ددانمەوە.)) یان لە وەسفی کچە شۆخی ناو هەقایەتدا دەوتریت: نە بکەی نە بخۆی تەماشای سای گەردنی بکەی، برای خۆی شەیدای بەژن و باڵای دەبێ، مێوژە ڕەشکە بخوات لە سای گەردنییەوە دیارە، وە یان لە کۆتایی هەقایەتەکەدا دەڵێت منیش هاتنەوە هیچیان نەدامێ، گەلێ جار ئەمانە لە هەقیەتەکاندا دووبارە دەبنەوە، وەک بنچینەیەکی سەرەکی هەقایەت.(جامباز، ١٩٨٩، ٢٩). لە وەسفی کەسێتی پیرێژن دا بە : (( چرچۆل، پیرەژنەی سەرئاسنینە، پیرەژنەی پشکۆماوە)) ناو دەبرێت. یان خود کاتێک کوڕی پاشا دەیەوێت کچەی دڵبەری خۆی ببینێتەوە و دەیانەوێت هەموو خەڵکانی شار ئامادەبن، دەستەواژەی: ئەوەی دەنکە جۆیەکی ماڵی پاشای خواردبێ، ئامادە بێت)) دەوترێت.

## حەوتەم: ژمارە

لە ئەفسانەی کوردیدا وەک ئەفسانەی هەموو گەلان، هەندێک ژمارە هەن، زۆر دووبارەدەبنەوە وەک مۆتیف نەک لە هەر هەقایەتێکدا، بەڵکو دەشێت یەک هەقایەت زۆرێک لەو ژمارانەی تێدا چەند بارە ببێتەوە، تا ئەو ئاستەی بونایدی ڕووداو کەسێتی لەسەر دابمەزرێ، ئەم ژمارانە هەمیشە وەکو پاڵەوان یان ڕەگەزێکی بنەڕەتی بەرچاودەکەون، بێگومان بونیان لە خۆوە نییە، و هۆی هەیە، کە بە زۆری بۆ باوەڕ و ڕەوشت و ئایین و بەسەرهاتی کۆنی مرۆڤ دەگەڕێنەوە، کە وایان کردووە ژمارە ببێتە ڕەگەزێکی بنەڕەتی و هەمیشەیی ئەفسانە و هەقایەت.(حەسەن، ٢٠٢٠، ١٣٣) ئەو ژمارانەی زۆر گرنگ و ئەفسوناوین بریتین لە: (سێ، حەوت، نۆ، چل، سەد)

مۆتیڤی ژمارە سێ: ئەم مۆتیڤە لە کەسێتی و لە ڕەنگ و تەنانەت لە ژمارەی دێو و ڕووداویشدا دووبارە دەبێتەوە. لە هەقایەتی کوردیدا زۆرجار پاشا سێ کوڕی هەن، محەمەد و مەحموود و ئەحمەد. باوکیان وەسێت دەکات کە مرد، هەندێ شت هەن نەیان کات، یان هەندێک شت هەیە بیان کات. بۆ نمونە ئاگاداری گۆڕەکەی بن و نەچنە ڕاوی گردی ڕەش، بەڵام دوو کوڕی گەورەتر بە قسەی ناکەن و سێیەم و بچوکیان بە قسەی دەکات. لە هەقیاتی ڕاوی گردی ڕەش دا ئەم ژمارانە زۆر دووبارە دەبنەوە، هەمان مۆتیف لە هەقایەتی پاشا کۆرە و مەلی هەزارە دا دەبینرێت: ((پاشامان ئەگەرمەلی هەزارە پەیدا بکەیت و بەسەر باخەکەتدا بخوێنێ دێتە بەر و خشت چاوت چاک دەبێتەوە، پاشا هەر سێ کوڕەکەی بانگکدر و پێی وتن: ڕۆڵەکانم شتێکی وام پێوستە، لە ئێوەش دڵسۆزترم نییە، ئێنجا بزانم کامتان فریام ئەکەون و بۆم پەیدا ئەکەن؟ ئەحمەد کە کوڕە بچکۆلە بوو هاتە قسە و وتی: بابە گیان ئەگەر بفەرمووی من ئەرۆم بە دوایدا، یان سەرم دائەنێک یان بۆت دێنم...))(تەقی، ٢٠٠٦، ١٣٢).(٣)

لە ڕاوی گردی ڕەش دا سێ شەو ئەحمەد، سێ دێو دەکوژێ. جوانی ئەم هەقایەتە لە دووبارەبوونەوەی ژمارە سێ دا بە سێ ڕوداو سێ دیو، سێ ڕەنگ سێ شەو دایە، هەموویان کەشێکی ئەفسۆناویان بەخشیوە بە گێڕانەوەکە:

ئەحمەد بەرەو گۆڕستان ڕۆی، زۆری پێنەچوو گوێ لە گرمە و ناڵە و بۆڵەبۆلیک بوو هەموو ئەو ناوەی لەرزان، لە دوورەوە دێوێکی ڕەشی قەترانی بینی، بەرەو گۆڕەکەی باوکی ئەهات و ئەینەڕاند. شەوی دووەم، لە نیوەشەودا دێوێکی بۆر پەیدا بوو...شەوی سێیەم دێوێکی بۆر( کە لە زۆربەی حیکایەتەکاندا ڕەنگ دووبارە نابێتەوە.) لە هەر شەوێکشیدا لوت و گوێی دیوەکان دەکات و دەیخاتە تورەکەیەکەوە وەک بەڵگەی ئازایی.

مۆتیڤی ژمارە حەوت: زۆر جار لە ژماری ساڵانی زیندانکردنی کەسێتی یان ژمارەی ڕۆژی ئاهەنگدا بەکاردێت: حەوت شەو و حەوت ڕۆژ دەهۆڵ و زورنایان کوتی و شایی و لۆغان بوو. بەڵام بەگشتی ژمارەی حەوت لە نێو ئەفسانە و ئاینەکاندا دەبینریت. لە دێر زەمانەوە ژمارە حەوت جێی سەرنج بووە، کتێبە ئاسمانییەکان باس لە ئەفراندنی دنیا دەکەن لە حەوت ڕۆژ دا، ژمارەی ڕۆژەکانی هەفتە بە حەوت دانراوە و ئاسمانەکانیش حەوت دانەن. ئیدی ئەمە لە نێو ئاینەکاندا و هەقیقەتە دینییەکاندا زۆر بڵاوە. ((پادشامان تاقە کچێکی هەیە، حەوت دێو


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

حەزیان لێ کردووە، ئەیانەوێ بیفڕێنن))(تەقی، ٢٠٠٦، ٥٢)

مۆتیڤی ژمارە نۆ: ژمارە نۆ ئەگەرچی هیچ پیرۆزییەکی نییە، بەڵام ژمارەیەکی باوی ناو هەقایەتە: (( من چووم دەستوێژ بشۆم، خوشکی تۆم لەگەڵ نۆ زرتە زەلام بینی ..))(گەردی، ٢٠١٤، ١٤). (٤)

مۆتیڤی ژمارە چل: یەکێکە لە ژمارە پیرۆزەکانی ناو هەموو ئایین و کلتورە دێرینەکان، کاتی تەواوی خەمڵاندن و سەلماندنە لە ناو نەتەوەکاندا، تەنانەت کاتە بۆ تەواوبوونی غەریبی، بۆ بوون بە سرکەی ترێ، بۆ چونە خەڵوەتی عارفان. نموونەی ژمارە چل لە هەقایەتی کوردیدا بێشۆمارە. لە حەکایەتی ئەحمەدی بێ غەم دا(جامباز، ١٩٨٩، ٦١) کاتێک پیرێژن، کچەی مامز، کە ژنی ئەحمەدە دەدزێت، بۆ کوڕی قەراڵی فەرەنگ، کچە دەڵێت: ((ئەمن ئیسلامم، حەتا چل ڕۆژی دی نابێ زاوا پێبنێتە کنە من، هەموو ڕۆژێ چل ڕۆژی سەری پیرێژن پەلەدەم، ئەوجا پاشی ئەو چل شەوەی با زاوا بێتە کن من)). لە تیخ شوناس دا قەهری گەوهەر تاج دەڵێت: من خاوەنم هەیە، چل ڕۆژ مۆلەتم بدەن، ئەگەر پەیدا نەبوو، هی ئیوەم))(تەقی، ٢٠٠٦، ٦٧)یان ((زەنگی شەقلەباز بە شێوەی تۆپێکدا دانراە چل کونی تێدایە چل دێو پارێزگاری ئەکەن)) (تەقی، ٢٠٠٦، ٣٠) یان ((زۆری پێ ناچێ، چل کۆتری سپی دێن، پەرەکانیان دائەماڵن و هەر یەکەیان دەبێتە کچێک ئەونە جوان وێنەی نییە، بەڵام هیچ خوێت تێک مەدە و مەجوڵێ، ئەمانە هەموویان کەنیزەکی کچی شای پەریان)) (تەقی، ٢٠٠٦، ٣٩) ئیدی مۆتیڤی چل؛ ئەوەندە زۆرە کە بەر دەیان ڕستەی وەها دەکەوین: (( هەموو چل دزەکە لە ئەشکەوتەجەدا کۆبوونەوە و..))(تەوەحودی، ٢٠٢٠، ١٠٧).

## ئەنجام:

١.هەقایەتی کوردی سەرەڕای گێڕانەوە جوداکانی، لە ناوچە و دیالێکتە جیاوازەکان و وەگێڕە زۆرەکان، پاش کۆکردنەوەیان، جوانیناسی خۆی هەیە، کە لە فرەشێوەیی هەقایەتەکان و دووبارەبوونەوەی مۆتیڤەکاندا خۆی دەبینێتەوە. وێڕای جیاوازی گێڕانەوەکان، بەڵام خاڵی هاوبەشی هەموویان مۆتیف گەلێکە، کە لە لایەکەوە خاڵی بونیادی گێڕانەوەکەیە، لە لایەکی ترەوە شکۆی جوانی هەقایەتەکانی لە ئەستۆیە.

٢.هەر یەک لە: «کەسێتی، کەرەستە، بابەت، ڕووداو، شوێن، دەستەواژە، ژمارە» مۆتیڤی چەسپیاو و هەمیشە دووبارە بووەوەی ناو هەقایەتەکانن، بەهۆی چۆنییەتی خستنەڕوو و جۆری جیاوازی حیکایەتەکانەوە دووبارەبوونەوەی ئەوانیش لە هەمان چواچێوەدا، دەگۆڕێت.

## پەراوێزەکان:

(١) لە کتێبی شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنیدا لە بارەی چۆنییەتی بەربڵاوی ئەم چیرۆکە و بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئەم دوو کارکتەرەمان بە وردی باس کردووە، بڕوانە بوشرا کەسنەزانی، شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنی،

(٢) لە دیاریکردنی جۆرەکانی مۆتیڤدا پشت بە باسێکی دکتۆر محمدی پارسا نەسەب بەستراوە و بە گونجاندن لەگەڵ ئەم بەشەی گێڕانەوەی ئەدەبی کوردیدا دەستکاری کراوە، ئەو تەنها باسە تیۆرییەکانی نیشان داوە، ئێمە نموونەی هەقایەتی کوردیمان بۆ داناوە.

(٣) هەمان حیکایەت بە چەندان شێوەی تر گێڕدراوەتەوە، لە (سێ دەرمان)ێ عەزیز گەردی دا بە ناوی(شای ماران)وەیە، لە (هاشم سەلیمی) چیرۆک و ئەفسانەی موکریان بە ناوی ئازایەتییەوەیە.

(٤) ئەم حیکایەتە بە شێوازی جودای گێڕانەوەوە لە (کانی خومان) بە ناوی فەقیری دان کەسک و چل برایەوە نووسراوتەوە.

## سەرچاوەکان:

### زمانی کوردی


١. بێرتێنز، هانز(٢٠١٥) بنەماکانی تیۆری ئەدەبی، عەبدولخالق یەعقوبی، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخش سەردەم، چاپی یەکەم.

٢. بەرزنجی، ئازاد (٢٠١٠)، چەند وێستگەیەکی ئەدەبی، سلیمانی، دەزگای سەردەم، چاپی دووەم.

٣. تەقی، جەلال (٢٠٠٦) شەوانی گوێ ئاگردان(دووبەش)، سلێمانی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی دووەم.

٤. تەوحودی، کەلیمولڵای (٢٠٢٠) درەختی چل ئستران، کەمال تاهیر نەژاد، ماڵی سوهرەوەردی، سلێمانی، زنجیرەکتێبی ٣٤، چاپی یەکەم.

٥. جامباز، تاریق (١٩٨٩) چل کەزی، هەولێر ،چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم.

٦. جوتیار، خالید(٢٠٠٦) سەمای ئەجندان، هەولێر، کتێبفرۆشی سۆان، چاپی یەکەم.

٧. حەسەن، محەمەد فەریق (٢٠١٠)مەملەکەتی ماسی(٣٧ حیکایەتی فۆلکلۆرییە)، هەولێر، کتێبی ئاراس، چاپی سێیەم.

٨. حەسەن، مەولوود ئیبراهیم(٢٠٢٠) قەدەغەشکێنێ، سلێمانی، ماڵی سوهرەوەردی، زنجیرە ٣٧، چاپی یەکەم.

٩. خۆشناو، سەرباز مەجید(٢٠١٩) ساردۆن، هەولێر، بڵاوکراوەی تەفسیر، چاپی یەکەم.

١٠. خۆشناو، هێمن عومەر (٢٠١٣) کانی خومان( هەقایەت و ئەفسانەی کوردی ناوچەی خۆشناوەتی)، سلێمانی، ئنستوتی کەلەپووری کوردی، چاپی یەکەم.

١١. ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا (٢٠١٠) لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، هەولێر، دەزگای ئاراس، چاپی سێیەم.

١٢. سەجادی، بەختیار (٢٠٠٤) فەرهەنگی شیکارییانەی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم.

١٣. سەجادی، عەلائەدی(١٩٥٢) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەغداد، چاپی یەکەم.

١٤. سەجادی، عەلائەدین(٢٠١٥)، ڕشتەی مرواری (هەشت بەرگی) تاران، چاپخانەی پەنجەرە.

١٥. سەعید، محەمەد سالح (٢٠٠٩) داستانی هەیاسی خاس و سوڵتان مەحمووود لە دووتوێی فۆلکلۆری کوردییەوە، هەولێر، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپی یەکەم.

١٦. سەلیمی، هاشم (٢٠١٣) چیرۆک و ئەفسانەی موکریان، سلێمانی، دەزگای سەردەم، چاپی کەم.

١٧. شادی، ئەحمەد (٢٠٠٥) چەپکێک فۆلکلۆری کوردی، سلێمانی، زنجیرە کتێبی ئنستیوتی کەلەپووری کورد، چاپی یەکەم.

١٨. شڵماشی، محەمەد (٢٠٠٠)خەرمان لۆغە، سوید، چاپی یەکەم.

١٩. کەسنەزانی، بوشرا (٢٠١٢) پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا (٢٠٠٥-١٩٩٥)، سلێمانی، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم.

٢٠. گەردی، عەزیز (٢٠١٤)سێ دەرمان(هەقایەتی کوردەواری)، هەولێر، ناوەندی ئاوێر، چاپی یەکەم.

٢١. محەمەد شڵماشی، مەجلسی ئەولیا، انتشارات کردستان، چاپی شەشەم، ١٣٩٢.

٢٢. موحسین عومەر ئەحمەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی یەکەم،

٢٣. مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم(٢٠١٣)یادی مەردان، بەرگی یەکەم ودووەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا چاپی یەکەم.

٢٤. میراودەلی، کەمال مەمەند (١٩٧٩) ئیستاتیکا، سلێمانی چاپخانەی زانکۆی سلیمانی، چاپی یەکەم.

٢٥. مەلا مەحمودی بایزیدی، چل حیکایەت، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٤.

٢٦. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١١) فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، سلێمانی، چاپ و بڵاوکردنەوی سلێمانی، چاپی یەکەم.



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**زمانی فارسی:**


٢٧. احمدی، بابک (١٣٩١)، چهار گزارش از تذکرةالاولیاء عطار، تهرا، نشر مرکز، چاپ پنجم.

٢٨. اسکولز، رابرت (١٣٧٧) عناصر داستان، فرزانه طاهری، نشر مرکز، چاپ اول.

٢٩. اسکولز، رابرت (١٣٨٣) درامردی بر ساختارگرایی در ادبیات، فرزانه طاهری، مؤسسه انتشارات اگاه، چاپ دوم.

٣٠. براهنی، رضا (١٣٦٨) قصه‌نویسی، تهران، نشر البرز، چاپ چهارم.

٣١. پراپ، ولادیمر (١٣٨٦) ریخت شناسی قصه‌های پریان، فریدون بدره‌ای، تهران، انتشارات توس، چاپ دوم.

٣٢. خسروی، ابوتراب(١٣٨٨)، حاشیه‌ی بر مبانی داستان، تهران، نشر ثالث، چاپ اول.

٣٣. داد، سیما (١٣٨٥) فرهنگ اصطلاحات ادبی، انتشارات مروارید، چاپ سوم.

٣٤. رضوانیان، قدسیه (١٣٨٩)ساختار داستانی حکایت های عرفانی، تهران، انتشارات سخن، چاپ اول.

٣٥. مقدادی، بهرام (١٣٧٨) فرهنگ اصطلاحات نقد ادبی از افلاطون تا عصر حاضر، تهران، نشر سروش، چاپ اول.

٣٦. مکاریک، اریرنا ریما (١٣٨٨) دانش نامه‌ی نظریه‌های ادبی معاصر، مهران مهاجر و محمد نبوی، مؤسسه انتشارات اگاه، چاپ سوم.

٣٧. میرصادقی، جمال (١٣٨٨) واژه‌نامه هنر داستان نویسی، کتاب مهنارز، چاپ دوم.

٣٨. میرصادقی، جمال (١٣٩٢) داستان های خیالی، تهران، نشر سخ، چاپ اول.

٣٩. میرصادقی، جمال (١٣٩٢) شناخت داستان، مؤسه انتشارات نگاه، چاپ اول .

٤٠. پارسانسب، محمد(١٣٨٨) بنمایه؛ تعاریف گونه‌ها کارکردها، فصل نامه نقد ادبی، س١، ش ٥، بهار.